لەگەڵ ڕێزو ئیحتڕامم بۆ ڕۆشەنبیرانی کوردستانی ئێڕاق و حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئێڕاق بۆ کردنەوەی فیستڤاڵی ڕۆشەنبیری پێشەوا قازی محەممەد یەکەم سەرۆک کۆماری کورد. حەزم کرد چەند پرسیارێک ئاڕاستەی بنەماڵەی بارزانی و کاک عەلی قازی (کوڕی ڕەش) و  بە تایبەتیش ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بکەم.



## نامەیەکی کراوە بۆ ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی بارزانی و کاک عەلی قازی

ئایا کام ئاڵا بە مستەفا بارزانی سپێردرا؟ ئەم ئاڵایەی سەردەمی کۆمار یان ئەو ئاڵایەی کە بە دەستی نێچیرڤان بارزانی یەوەیە؟
ئەمە پرسیارێکەو چەندین پرسیاری تریش دێنێتە گۆڕێ کە دەبێت من و تۆو هەموو کوردێک لە چوارپارچەی کوردستان بە گشتی و لە کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە بنەماڵەی بارزانی و کاک عەلی قازی و لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانی بکەین و بڵێین ئەرێ بەڕاست ئەمە هەر ئەو ئاڵایەیە کە دەڵێن پێشەواقازی بە بارزانی سپاردووە؟؟!
باوەڕ ناکەم هیچ نەتەوەیەک بێ ئاڵا بێت، هەر چەندە ژێر دەستەو ژێر چەپۆکی نەتەوەیەکی تریش بێت. زۆر لە گەلانی ژێردەستەی دونیا بەر لە ڕزگاربوونیان لە ژێرچەپۆکی داگیرکەردا خاوەن ئاڵا بونەو هێمای ئاڵای نەتەوەیی خۆیان پاراستووەو لە ڕۆژی ڕزگاربونیان دا ئاڵاکەیان بۆجارێکی تر هەڵکردووەتەوە. گەلی کوردیش یەکێکە لەم گەلانەی کە هەر چەندە ژێردەستەو

ژێر چەپۆک بووەو ئێستاش بەشی زۆری کوردستان هەر لە ژێردەستی داگیرکەراندا دەناڵێنێت، کەچی هێمای ئاڵای نەتەوەیی خۆی پاراستووەو ئەگەر ئیمکانی هەڵکردنیشی نەبوبێت و نەیتوانیبێت ئەسڵی ئاڵاکە بپارێزێت ئەوا دەم بۆ دەم و زار بە زار لە دایک و باوک و باپیرانمانەوە بیستومانەو دەزانین کە ئاڵای کۆماری کوردستان کە لە مهاباد بە دەستی پیرۆزی پێشەوا قازی هەڵکرا لە کام ڕەنگ و لە کوێ و کەی هەڵکرا. ئەمە ڕاستیەکە کە نە هیچ کەس و نە هیچ لایەنێک ناتوانێت دەستکاری بکات و مێژووەکەی پێچەوانە بکاتەوە. بەڵام ئەوەی جێی داخ و جێگای سەرسوڕمان و جێی پرسیارە ئەمەیە، ئایا بۆچی و لە پێناو چیدا ئاڵای دەستی پێشەوا قازی دەستکاری کراو هەزار سوێند و بیللا دەخۆن لەسەر ئەوەی کە گۆیا ئەو ئاڵایەی کە پێشەواقازی هەڵیکرد تەنیاو تەنیا ڕۆژێکی لە ناو دابوو کە پێک هاتبوو لە 21 تیشک کە دەکاتە 21 ی ئازار، واتە ڕۆژی نەورۆز بە تاریخی میلادی و ئەو ئاڵایەی کە بە دەستی پێشەوای مەزنیش هەڵکرا حاشای لێ دەکرێت و بە سوێندانەوە ڕەش دبنەوە لەسەر ئەوەی کە ئەمە هەر ئەو ئاڵایەیە کە گۆیا پێشەوا بە مستەفا بارزانی سپاردووە!!

پرسیاردەکەم لە هەر کام لە ئێوەو لە ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکرات و بنەماڵەی بارزانی و لە کاک عەلی قازی کە نزیک ترین کەسی پێشەوای نەمرەو دەڵێم، باشە بۆ چی ئەم ئاڵایە گۆڕاو چی قازانجێکی تێدابوو؟ یان بۆچی حاشا لە ڕاستیەکان دەکەن و خەڵک بە لاڕێدا دەبەن؟ چ قازانجێکی سیاسی ، دیپلۆماسی، کۆمەڵایەتی و......... تێدا بووەو یان هەیە کە ئاوا بە بەر چاوی خەڵکەوە حاشا لە ڕاستیەکان دەکەن و ئاڵای نەتەوەیەک دەگۆڕن بێ ئەوەی پرس بە خەڵک بکەن یان ڕێزو ئیحترامێک بۆ ئەو سەرۆک کۆمارە دابنێن کە بەر لە 60 ساڵ گیانی خۆی و چەندین کەسی تری لە پێناودا بەخت کرد. پێم وایە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وەک میراتگری کۆماری کوردستان و وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و وەک وەفاداری بۆ گیانی پێشەوا قازی، هەم وەک یەکەم سکرتێری شەهیدی حیزب و هەم وەک یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان ئەم ڕاستیەی ئاشکرا بکردایەو ئاڵای کۆماری کوردستانی وەک خۆی پێشانی خەڵک بدایە، حیزبی دیمۆکرات دەبو نەچوبا ژێر تەئسیری هەندێک کەس و لایەن و حاشای لە ڕاستیەکان بکردایە. پێویستە بڵێم کە گرنگ ئەوە نیە کە ئەم ئاڵایە چۆنەو چی لەناو دایە و سبەی ڕۆژ چ گۆڕانکاریەکی بەسەر دادێت ! گرنگ ڕاستوێژی لەگەڵ خەڵک و گەلدایە کە هەردەم پشت و پەنای ئەم حیزبە بوونە. پاشانیش دبێت بڵێم کە کاک عەلی قازی زۆر باش ئاگاداری ڕاستیەکانەو زۆر باش دەزانێت کە ئەم ئاڵایەی کە کاک نێچیرڤان بارزانی پێشانی خەڵکی دا ئاڵای سەردەمی کۆماری کوردستان نەبووەو نیە!! لێرەدا پێویستە بڵێم ئەو ئاڵایەی کە کاک نێچیرڤان بارزانی لە فیستڤاڵەکەدا پێشانی خەڵکی داو گوتی، پێشەوا قازی ئەم ئاڵایەی بە مستەفا بارزانی سپاردووە، ئەگەر ئەمە ئەو ئاڵایە بێت کە باسی لێوە دەکەن و دەڵێن گۆیا پێشەوا قازی داویەتە دەستی مستەفا بارزانی و داوای لێکردووە کە ئاڵاکە بپارێزێت، ئەمە یان حاشا کردنە لە ڕاستیەکان یان لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە پێشەوا

قازی ئاڵای کوردستانی نەداوەتە دەستی مستەفا بارزانی و ئەمە تەنیا قسەو قسەڵۆکی بنەماڵەی بارزانی و دۆستانی ئەم بنەماڵەیەن. ئەگەر وانیە ئەی ئەم ئاڵایەی کە لە سەرەوە وێنەکەی دیارە ئاڵای کام یەک لە وڵاتانی دونیایە؟ ئەوەتا یەکێتی دیمۆکراتەکانی کوردستانی ئێران وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کوردستانی ئێران، ئاڵای کۆماری کوردستانی بۆ جارێکی تر هەڵکردووە بە بێ دەستکاری کردن و دان بەمە دا دەنێت کە ئەو ئاڵایە ئاڵای سەردەمی کۆماری کوردستانە و هەر ئەو ئاڵایەش لە چوار چرای شاری مەهاباد بە دەستی پێشەوا قازی هەڵکرا. لە کۆتاییدا هیوادارم ڕێبەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی و بنەماڵەی بارزانی و کاک عەلی قازیش ڕاشکاوانە دان بە ڕاستییەکاندا بنێن و چی تر ڕوداوەکان بۆ خەڵک پێچەوانە نەکەنەوە با نەوەی دوا ڕۆژی گەلەکەمان مێژووی لینگاوقوچ نەخوێننەوەو ڕاستیەکانیان لێ نەشێوێت. ڕاستوێژی مێژوومان بۆ دروست دەکات و درۆو حاشاکردن لە ڕاستییەکان مێژوومان ڕەش دەکات و نەوەی دوارۆژیش نامانبەخشێت.

05.02.2005

کەریم موکریانی

kerimmukri@yahoo.com